# بەشداریت لە دەنگدان، بەشدارییە لە بونیادنانەوەدا

لە دروشمەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان




# "ئەگەر فشاری ئەمریکا نەبێت، پارتی و یەکێتی ئۆپۆزسیۆن قبوول ناکەن"

(بۆتان ئامێدی) لە کوردستانی تورکیا لەدایك بووە. لە پەیمانگای (جۆرجیا بۆ تەکنەلۆژیا) خوێندویەتی. بە زمانی ئینگلیزی بۆ سایتی (کوردیش مێدیا) دەنووسێت. وانەبێژێکی عێراقییە لە (LDESP). لەم دیدارەدا (بۆتان ئامێدی) وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەداتەوە.

سازدانی: کۆشان عەلی زەمانی



"سەرۆکی هەرێم لە ئەمریکا وەڵامی سیناتۆرەکانی نەدایەوە لەبارەی کۆنتراکتە نەوتییەکانەوە"

**یەکگرتوو: حەوت ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر جەنگی عێراقدا، بەڵام کوردەکان نەیانتوانی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان بەدەست بهێنن، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟ ئایا هیچ هیوایەك هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك؟**

بۆتان ئامێدی: کێشەی ناکۆکی لەسەر کەرکوك بابەتێکی هەستیار و ئاڵۆزە و ناحەقی دەکەین ئەگەر تەنها سەرکردە کوردییەکان تاوانبار بکەین بە شکستهێنانی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠). ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچێتە ناو تەفاسیلی ئەو کێشەیەوە، بەڵام پشتگیری لە چارەسەر و گردبوونەوەیەك دەکات کە تیایدا هەموو پارتە عێراقییەکان لەسەری کۆك بن و بەشدار بن لە سەقامگیری عێراقدا. ئەمە لە کاتێکدایە، شیعەکان کە کۆنترۆڵی دەسەڵات دەکەن لە بەغدا، سەرقاڵی ئەوەن سنوور و بەرفراوانی دەسەڵاتی خۆیان فراوانتر و بەهێزتر بکەن لە وڵاتداو رێگە بگرن لە گەڕانەوەی سوننییەکان بۆ دەسەڵات. دەستوورێك هەیە لە عێراقدا، کە کوردەکان دەیانەوێت بەتەواوی جێبەجێ بکرێت. شیعەکان تەنها ئەو بەشەی دەستووریان بەلاوە گرنگە کە فشار دەخاتە سەر سوننییەکان و سوننییەکانیش دەستوور گوێ پێ نادەن و دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سەر حوکم و دەسەڵات. من لەو بڕوایەدام کە زۆرترین ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جێبەجێکردنی دیموکراسیەتێکی راستەقینە چارەسەر دەبێت، کە لەراستیدا پشت دەبەستێت بە ئامادەگی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا.

**یەکگرتوو: ئایا پێگەی کورد لە سیاسەتی عێراقیدا چۆن دەبینیت؟**

بۆتان ئامێدی: کوردەکان بەشێکن لە حکومەتی ئێستای بەغداد، بەڵام کێشەکان قووڵتر دەبنەوە. حوکمی سوننییەکان لە عێراقدا بەقەدەر مێژووی کۆنی ئیسلام درێژ دەبێتەوە. ئەوان خۆیان بە حاکمی سروشتی و خاوەنی عێراق دەزانن. شیعەکان کارتی ژمارەیان بەدەستەوەیە، کە لە پرۆسەی دیموکراسیدا هاوکاریان دەبێت. قەیرانی ئەوان قووڵ و مێژووییە. کاتێك دەخایەنێت، تاوەکو سوننییەکان متمانە بە دەسەڵاتی شیعەکان دەکەن. کوردەکان قازانج دەکەن لە دیموکراسیەتی تەوافوقی کە حوکمی بەغدای پێ دەکرێت. بەڵام لەدواییدا تەوافوق بە هێزی دیموکراسی عێراق تێکدەشکێنێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ پێویستیان بە مانەوە و بوونی هێزەکانی ئەمریکا بێت لەو وڵاتەدا.

**یەکگرتوو: پێشبینی دەکەیت لەم هەڵبژاردنەدا چی رووبدات، بەتایبەت بۆ کوردەکان؟**

بۆتان ئامێدی: سەبارەت بە کورسی کوردەکان لە بەغدا، من بڕوام وایە تا رادەیەك کەم دەکەن. لە هەمان کاتدا من لەو بڕوایەدا نیم کە هیچ حیزبێك زۆرینە بەدەست بهێنێت، بۆئەوەی حکومەت بەتەنها پێکبهێنێت. حکومەتی داهاتوو هەروەکو حکومەتێکی هاوپەیمانی دەمێنێتەوە، کە پێکهاتەکەی پارتی جیاوازی تێدا دەبێت، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە، پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن چاوەڕوان دەکرێت دەنگی پێویست بەدەست بهێنن لە بەغدا، بۆئەوەی بەردەوام بن لە هێز و کاریگەرییان بۆ فشارخستنەسەر حیزبەکانی دەسەڵات، بۆئەوەی ریفۆرم و چاکسازی ئەنجام بدەن.

**یەکگرتوو: سەرۆکی هەرێم ماوەیەك لەمەوبەر سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد. ئایا ئەمریکییەکان تەئکید لە پشتیوانییان دەکەنەوە بۆ کوردەکان، یاخود ئەوان تەنها ئەجێندای تایبەت بەخۆیان هەیە؟**

بۆتان ئامێدی: ئەجێندای ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا سەقامگیری و ئاسایشە. فشار دەخاتە سەر هەموو حیزبەکانی عێراق، بۆئەوەی بەیەکەوە کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانیان، لە کاتێکدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەکاری دەکات بۆئەوەی لە ساڵی (٢٠١١)دا عێراق جێبهێڵێت. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری هیچ حیزب و لایەنێکی عێراقی ناکات. ئەوان پشتگیری لە حکومەتی عێراقی دەکەن، کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرراوە.

**یەکگرتوو: لەناو ئەم هەموو بابەتانەدا، دەکرێت بپرسین ئومێدی سەربەخۆیی تا چەندە واقیعییە؟**

بۆتان ئامێدی: نەخێر، هیوایەك بۆ سەربەخۆیی کورد نییە. ئەمریکا پشتگیری سەربەخۆیی کورد ناکات. لەلایەکی ترەوە، دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ فیدراڵیزم. پارتە کوردییەکان پێویستە لێبڕاوانە کار بکەن بۆ کاراکردنی دیموکراسی و دەسەڵاتی ئابووری بدرێتەوە دەستی بازاڕ و دژایەتی گەندەڵی بکەن، کە لە ئێستادا وێنەی کورد لە دەرەوە ناشرین دەکات. بەدڵنیاییەوە ئەوە دیموکراسیەتە کە پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کوردەکان دەستەبەر دەکات.

**یەکگرتوو: بارودۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینیت؟**

بۆتان ئامێدی: بەداخەوە بەشێوەیەکی باش دەرناکەوێت. لە راپۆرتی ساڵی رابردوویدا، (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ) چەندین بەڵگەی لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ خستبوویە روو، بۆنموونە: سزادانی لەڕادە پێویست لە بەندیخانەکاندا، بەندیکردن بەبێ چوونە دادگا، بێسەروشوێنکردن، کوشتن لەسەر شەرەف دژی ژنان و هەڕەشەی پارتە سیاسییەکان لەسەر دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان. ئەم پێشێلکارییانە بەدڵنیاییەوە وێنەی کورد دەشێوێنن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگادارە لە سەرجەمی ئەم گرفتانە. ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت و لە دواتریشدا بەغدا سەرچاوەکانی خۆی رێکدەخات و حوکم و دەسەڵاتی کوردەکان سنووردار دەکات، ئەوکاتە من لەو بڕوایەدا نیم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری لە کوردەکان بکات.

**یەکگرتوو: لە کوردستاندا یەکگرتووی ئیسلامی و گۆڕان وەکو دوو هێزی کارای موعارەزە دەردەکەون. پێشنیارت بۆ ئەو هێزانە چییە؟ ئایا یەکێتی و پارتی ئەو دوو هێزە قبووڵ دەکەن؟**

بۆتان ئامێدی: دیموکراسی عێراق بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی هەوڵی ئەمریکایە، کە بەسەر حیزبە عێراقی و کوردییەکانیدا سەپاندووە. من لەو بڕوایەدا نیم کە سەرکردە کوردییەکان دیموکراسی بوون قبووڵ بکەن ئەگەر لەلایەن ئەمریکاوە بەسەریاندا نەسەپێنرێت. هەروەها بەبێ ئامادەیی ئەمریکا لە عێراقدا، من لەو بڕوایەدا نیم یەکێتی و پارتی رێگە بە ئۆپۆزسیۆن بدەن لە کوردستاندا. حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان پێویستە تەرکیز لەسەر مەسەلەی دیموکراسی بکەن لە زۆربەی ئەجێنداکانی کاریاندا. بەدڵنیاییەوە پارتی و یەکێتی ژینگەیەکی دوور لە تیرۆریزم و ئاسایشیان لە کوردستان بەرقەرار کردووە، کە لە ئێستادا پێویست دەکات گەشەی پێ بدرێت و دیموکراسیبوون تیایدا کارا بکرێت.
خەڵکی کوردستان پێویستە سوود لە هەڵبژاردنەکان وەربگرن. ئەوان بەدڵنیاییەوە دەتوانن لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە گۆڕان بهێننەکایەوە، لە کاتێکدا کە خەڵکی هەڵبژاردنەکان بە گرنگییەوە سەیر ناکەن، ئەوا دەرفەت بۆ پارتە سیاسییەکان ئاسان دەکەن تاوەکو ئەنجامەکان بگۆڕن بەو شێوەیەی خۆیان دەخوازن بە پڕکردنەوەی سندوقەکانی هەڵبژاردن.

**یەکگرتوو: بۆچوونی تۆ چییە لەسەر کۆنتراکتەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان؟**

بۆتان ئامێدی: یەکەم: پێویست نەبوو نەوت دەربهێنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ناسەقامگیری لە عێراقدا و پەیوەندییە نائاسایشەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوسێیدا. دووەم: کۆنتراکتەکان شەفاف نەبوون. دیسمبەری رابردوو، حکومەتی عێراقی کۆمپانیا بیانییەکانی داوەت کرد بۆ بەغدا و کۆنتراکتی لەگەڵدا ئیمزاکردن پاش چەند قۆناغێکی شەفاف و خستنەڕووی شێوازی کۆنتراکتەکان. تەفاسیلی کۆنتراکتەکان بۆ راگەیاندنەکان خرایەڕوو. بەداخەوە کۆنتراکتە کوردییەکان ناڕوون و ناشەفافن. حیزبەکانی دەسەڵات لەوانەیە لەڕووی ئابوورییەوە قازانج بکەن، بەڵام دەبێت چاوەڕێی ئەو کێشە و قەیرانانەش بکەن کە لە ئایندەدا رووبەڕووی کوردەکان دەبێتەوە. سەرۆکی هەرێم لە واشنتۆن لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ سیناتۆرەکاندا پرسیاری کۆنتراکتەکانی نەوتی لێکرا، بەڵام سەرۆکی هەرێم وەڵامی خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دزییەوە.



بارودۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدانیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگادارە لەسەرجەمی ئەم گرفتانە

---



هیوا حامد

# بەرپرسی بەڕێز! ئەوە تۆی گرفت، نەك شوێنکەوتوانت!

کاتێك دەنگی نارەزایی و پرتە و بۆڵە لە بەرامبەر بەرپرسێکدا بەرز دەبێتەوە، جا لە هەر دەزگایەك بێت، حکومی، یان حیزبی، یان کەرتی تایبەت، ئەوا بێ سێ و دوو خەڵکەکە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە چاویان لە ئیشکردن نییە، یان تەمبەڵ و تەوەزەلن، یاخود لەخۆیان گۆڕاون و لەخۆبایی بوون ... هتد.
بێئاگا لەوەی لە وڵاتی ئێمەدا خەریکە دەزگا و دامەزراوەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە دەبنە لانەی تیاچوون و کوژانەوەی توانا و لێهاتووییەکان. ئاخر تۆی بەرپرس گەر نەتوانی توانای خەڵکەکەی بەردەستت بەگەڕبخەیت، خەڵکی بەستەزمان چ گوناهێکیان هەیە کە خەریکی شتی بێ سود و لاوەکی بن، سەرەنجام هەر بێزاری و تورەبوون و گلەیی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەرچی ئەو نموونەی ئاماژەی پێ دەکەین، روە سلبییەکەی بەگەڕخستنی تواناکانە و لەگەڵیدا نین، بەڵام سەلمێنەری رادەی راستی و کاریگەری ئەو بیرۆکەیەن کە ئاماژەمان پێ کرد.
زۆربەتان خزمەتی سەربازیتان کردووە، دڵنیام کە زۆر باش لەبیرتانە کە چۆن بەرپرسە سەربازیەکان نەیاندەهێشت بۆ چرکەساتێکیش پشوو بدەن لە ترسی ئەوەی نەبادا بۆشاییتان بۆ دروست بێت و بیر لە شتی تر بکەنەوە. ئاخر ئەوە راستییەکە مرۆڤ پارچەیەکە لە توانا، گەر نەتوانی لە خزمەتی دەزگا و دامەزراوەکەیدا بەکاریبهێنێت، ئەوا بێگومان ئەو توانایە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە دژی دەزگاکە بەکاردەهێنرێت. هەروەك ئاماژەمان پێکرد، ئەم نموونەیە بەگەڕخستنی تواناکان نییە، بەڵکو تەنها خاڵیکردنەوەیەتی، ئێمە داوای بەگەڕخستنی تواناکان دەکەین لەپێناو سەرخستنی دەزگاکە، نەك خاڵیکردنەوە.
دەڵێن رۆژێکیان کابرایەك دەچێت بۆلای هاوڕێیەکی، بەمەبەستی پیرۆزبایی کردنەوەی کۆمەڵگەیەکی بازرگانی، کە خاوەنیەتی. کاتێك کابرا دەگاتە لای هاوڕێکەی لە نووسینگەکەی، کە لە دوانهۆمی باڵەخانەکەدا دەبێت. پیرۆزبایی لێ دەکات و هەواڵی ئیش وکاری لێ دەپرسێت. ئەویش دوای هەڵکێشانی ئاخێکی قووڵ!! دەڵێ: وەڵا چیت لێ بشارمەوە، هێشتا چەند رۆژێ تێنەپەڕیوە بەسەر کردنەوەی باڵەخانەکەدا، کەچی گلەییەکی زۆری خەڵکم پێ گەیشتووە لەسەر ئەوەی گوایە (ئاسانسۆرەکان) زۆر لەسەرخۆن و خەڵکەکە بێزار بوون لە چاوەڕوانیدا تا دەگەنە نهۆمی مەبەست. ئەوەی گرفتەکەی خەستر کردۆتەوە، ئەوەیە ئەندازیارە کارەباییەکان پێیان راگەیاندوم کە توانای خێراترکردنی نییە و شوێنی تریش تەرخان نەکراوە تا ئاسانسۆری تری لێ دابنێم، جا بۆیە زۆر دەترسم لەوەی پرۆژەکەم شکست بێنێت و بە یەکجاری ئیفلاس بکەم. کابرای هاوڕێی پێی دەڵێت: قوربان خەم مەخۆ، من چارەسەرێکت بۆ دادەنێم و دوای یەك مانگ لە جێبەجێکردنی دێمەوە بۆ لات. هەروەك بەڵێنی دابوو، کابرا دوای تێپەڕبوونی مانگەکە هاتەوە لای هاوڕێکەی و لێی پرسی: دەنگ و باسی نارەزایی خەڵك چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا زۆر سوپاسی دەکات و پێی رادەگەیەنێت لەو رۆژەی ئەو چارەسەرەی جێبەجێ کردووە، گلەییەکان روو لە کەمبوونەوەن. خوێنەری بەڕێز! بەرپرسی خۆشەویست، دەتانەوێت بزانن چارەسەرەکە چی بوو، کە بێگومانم زۆر سودی بۆ ئێوە دەبێت، چارەسەرکە ئەمەبوو (کابرای هاوڕێی پێی وت قەدی هەرسێ لای ئاسانسۆرەکە بکە بە ئاوێنە، تا خەڵکەکە لەجیاتی چاوەڕوانی و بێزاربوون، سەیری ئاوێنەکە بکەن و خەریکی خۆڕێکخستنەوە بن).